# هۆکارەکانی دابەزینی قورئانی پیرۆز

م/ شێرزاد عبدالقادر



الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين •

قورئانی پیرۆز دابەزیوە بۆ ئەوەی ڕێنمایی مرۆڤایەتی بکات بۆ ڕێگای ڕاست، وە بنەماکانی ژیانی ڕاستەقینەیان بۆ دابڕێژێ جا زۆربەی ئایەتەکانی قورئان لە سەرەتاوە بۆ ئەم مەبەستانە دابەزیووە، واتە بە بێ ئەوەی هۆکارێکی هەبێ بۆ دابەزینەکە جگە لەو مەبەستە گشتیانە نەبێت[1]:

بەڵام هاوەڵان ´ لە ژیاندا لەگەڵ پێغەمبەردا ¢ چەندەها ڕووداو دەهاتە ڕێگایان وە جاری وا هەیە ڕووداوێکی

---

(١) زۆربەی ئایەتەکانی قورئان نمونەن لەسەر ئەم جۆرە یەکێك لەو نمونە زۆرانەش ووتەی خودایە:
﴿وَمِنْهُمْ مَنْ عَاهَدَ اللَّهَ لَئِنْ آتَانَا مِنْ فَضْلِهِ لَنَصَّدَّقَنَّ وَلَنَكُونَنَّ مِنَ الصَّالِحِينَ﴾ [التوبة: ٧٥] .

واتە: هەیە لە دووڕووەکان پەیمان دەدات بە خودا ئەگەر خودا ماڵی پێ ببەخشێت ئەوا چاکەی لێ دەکات و دەبێت لە یەکێك لە پیاو چاکان، بەڵام کاتێك ماڵی پێ دەبەخشێت بە پێچەوانەوە دەردەچێت.

جا ئەم ئایەتە مەبەست پێی باس کردنی ڕەوشتی هەندێك لە دووڕووەکانە بە بێ ئەوەی هۆکاری تایبەت هەبێت بۆ دابەزینەکەی بەڵام بەداخەوە وا باوە لای چینێك لە موفەسیرەکان وە لای زۆرێك لە ووتارخوێنەکان ئەم ئایەتە دابەزیووە بە هۆی پەیمانی هاوەڵی بەڕێز (ثعلبة)ی کوڕی(حاطب i) کە گوایە پەیمانەکەی نەبردۆتە سەر بەرامبەر خودا لە چیرۆکێکی درێژدا لە ڕاستیدا ئەم چیرۆکە بە هیچ شێوازێك (صحيح) نییە بەڵکو زۆر لاوازو (منكر)ە هەروەکو زانایانی فەرموودە ئاماژەیان پێ کردووە وەکو پێشەوایان (العراقي وابن حجر والألباني) (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت)• بڕوانە: (السلسلة الضعيفة: ١٦٠٧).

تایبــەت ڕوودەدات لــە نێوانیانــدا کــە پێویستی بـە ڕوونکردنـەوەی شـەریعەتی پـیرۆزە یـان ئـەوەتا شـتێکیان لێ تێکـەڵ دەبێـت پرسـیاری پێغەمبـەری ﷺ لـە بارەیەوە دەکەن قورئانیش دادەبەزێت لە پێناو ئەو ڕووداوە تایبەتە وە یـان لەبـەر ئـەو پرسـیارە ئەمـەش پێـی دەوترێـت هۆکارەکانی دابەزین(أسباب النزول).

## مانای هۆکاری دابەزین:

هۆکـاری دابــەزین ئەوەیــە کــە ئایــەتی قورئـان لەسـەری دابـەزیوە، وە بـە هـۆی ئەوەوە بە جۆرێك ئایەتەکە لەسـەر ئـەو باسـە یـان ئـەو شـتە ئـەدوێ، وە یـان حوکمە شـەرعیەکەی ڕوون دەکاتـەوە لـە کاتی ڕوودانی ئەو شتە.

کەوابوو ڕووداوێك ڕوودەدات لەسـەردەمی پێغەمبــەر ﷺ وەیــان پرســیارێك لــە پێغەمبەر ﷺ دەکرێت قورئانی پیرۆزیش دادەبەزێت بۆ ڕوون کردنەوەی هەرشـتێك هـەبێت کـە پەیوەنـدی بـەو ڕووداوەوە هـەبێت، وە یـان بـۆ وەڵام دانـەوەی ئـەو پرسیارە.

نمونەی ڕووداویش وەك (ابن عباس) سەبارەت بە ووتەی خودا:

﴿وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾ [الشعراء: ٢١٤].

واتـە: ئـەی پێغەمبـەر ﷺ کـەس وکـارو خزمـە نزیکـەکانت ئاگـادار بکـەرەوە لـە ئایین وڕاستی، وە بیان ترسێنە لە سزای خودا.

دەفــەرمێت: پێغەمبــەر ﷺ دەرچــووە دەرەوە تـاوەکو سـەرکەوتە سـەر کێـوی (صفا) پاشـان هـاواری کـرد بـۆ ئـەوەی خەڵکی کۆ ببنەوە لێی، جا کاتێك خەڵکی کۆبوونـەوە ئـەویش فـەرمووی: ئایا چـی دەڵێن ئەگەر من ئاگادارتـانم کـردەوە کـە سوپایەك هێرش دەکاتە سەرتان بڕواتـان پێم دەکرد؟ ئەوانیش لەوەڵامـدا ووتیـان: هیچ درۆمان لێت نەبینیووە، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ئـەوا مـن ئاگادارکـەرەوەو ترسێنەری ئێوەم لە سزایەکی خوایی کـە لە پێشتانەوەیە، لـەو کاتـەدا (ابو لهـب) ووتـی: فەوتانـدن بـۆ تـۆ تـەنها بـۆ ئەمـە ئێمــەت کۆکردۆتــەوە؟ پاشــان هەســتاو ڕۆی، خوای گەورەیش سورەتی (المسد)ی دابەزاند، واتە:

﴿تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ....﴾[٢].

نمونەی پرسیاریش وەکو ئەوەی کە ڕووی دا لە لایەن(خولة)ی کچی(ثعلبة) کاتێك کە پیاوەکەی (أوس بن صامت) (ظهار)[٣]ی ئەنجامدا بەرامبەر(خولة)ی خێزانی جا خەولە هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بۆ سکاڵا کردن لە پیاوەکەی‌و گەڕان بە دوای چارەسەر، خوای گەورەیش لەبارەی پرسیارەکانی خەولەوە چەند ئایەتە یەکەمەکانی سورەتی(المجادِلة)ی دابەزاند کە تێیاندا حوکمی شەرعی(ظهار)ی ڕوون کردەوە[٤].

## شێوازی دەربڕینی هۆکاری دابەزین:

هۆکاری دابەزین بە چەند شێوەو شێوازێك دەردەبڕێ:

جاری وا هەیە شێوازەکە بە هیچ شێوازێك غەیری هۆکارەکە ئیحتیمال ناکات، وە جاری وایش هەیە بۆی هەیە ئاماژە بێت بۆ هۆکارەکە وە بۆی هەیە مەبەست پێی ئەوە بێت ئەم مانایە دەچێتە ژێر مانای ئایەتەکەوە، وە مەبەستە لە کۆی گشتی ماناکانی ئایەتەکەیە.

جا شێوازی دەربڕینەکە تەنها هۆکاری دابەزاندنەکە ئیحتیمال دەکات ئەگەر ڕاوی‌یەکە ووتی: هۆکاری دابەزینەکە ئەم شتەیە یان ئەوەتا پیتی فائی هۆکاری هێنایەوە (فاء السببية) کە چۆتە سەر بابەتێکی دابەزین لە دوای ڕووداوێکە یان پرسیارێك، هەروەك ووتی: (حدث كذا فنزل كذا ) وەیان (سُئل رسول الله ﷺ عن كذا فنزلت الآية....).

بەم شێوازی دەربڕینە کە ئیحتیمالی هۆکارەکە دەکات وە ئەو مانایەی ئایەتەکە دەیگرێتەوە ئەگەر ووترا:" ئایەتەکە دابەزیوە لە بارەی ئەو شتەوە" لەم بارەیەوە پێشەوا (ابن تيمية) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: (ووتەی زانایان: ئەم ئایەتە دابەزیوە لەبارەی ئەو شتەوە جاری وا هەیە مەبەست پێی هۆکاری دابەزینەکەیە وە جاری وا هەیە مەبەست پێی ئەوەیە ئەم مانایە دەچێتە ژێر ماناکانی ئایەتەکەوە

(٢) (صحيح البخاري: ٤٤٩٢، وصحيح مسلم: ٣٥٥) .

(٣) (ظهار) بریتی‌یە لەوەی کە پیاو بە خێزانەکەی بڵێ: تۆ بۆ من وەکو پشتی دایکم وای، وەیان هەر ووشەیەك کە شوبهاندنی خێزانەکەی خۆی تێدا بێت بە مەحرەمەکانی خۆی.

(٤) (أخرجه أبو داود: ٢٢١٤، والنسائي: ٣٤٦٠، وابن ماجة: ١٨٨، وصححه الألباني في إرواء الغليل: ٢٠٨٧) .

ئەگـەر هۆكـاری دابـەزینی ئایەتەكـەیش نەبێت).

هـەروەها پێـشەوا (زركشي) (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) دەفـەرمێت: زانـدراوە لـە كـرداری هـاوەڵانو شـوێنكەوتەكانیان ´ كە ئەگەر یـەكێكیان ووتـی: ئایەتەكـە دابـەزیوە لـە بـارەی ئـەم شـتەوە ئـەوا مەبەسـت پێـی ئەوەیەكـە ئایەتەكـە ئـەم حوكمە لەخۆ دەگرێت نـەوەك ئـەم مانـاو حوكمـە هۆكـارە بـۆ دابەزینەكـە جـا ئـەم ووتەیـە لـە ڕەگـەزی كردنـی ئایەتەكەیـە وەكـو بەڵگەیـەك بـۆ سـەر حوكمەكـەی نەوەك مەبەست گێڕانـەوەی هۆكارەكەیـە كە ڕووی دابێت.

## سوودەكانی زانینی هۆیەكانی دابەزینی ئایەتەكان:

**یەكەم:** زانینی حیكمەتی خودا سەبارەت بەو حوكمانەی كە دایڕشتووە بەهۆی ئەو هۆكـارەوە، ئەمــەش سـودی هەیـە بـۆ موسـڵمانو نـا موسـڵمان، موسـڵمان بـەم شـتە بـاوەڕی زیـاتر دەبێـت، وە زۆرتـر هـەوڵ دەدات لەسـەر جـێ بـەجێ كردنـی فەرمانەكانی قورئانی پیرۆز، لەبەر ئەوەی كە بۆی دەركەوتووە لـەو بەرژەوەنـدی و چـاكەكاریانەی كــە پەیوەســتە بــەو حوكمـــەوەو كـــە لـــە پێنـــاوی ئـــەم بەرژەوەندیانەش ئەم حوكمە دابەزیوە.

ناموســـڵمانیش ئـــەم حیكمـــەتو بەرژەوەندیانە هانی دەدات بۆ ئەوەی كە بـڕوای بـەوە هـەبێت كـە ئـەم شـەریعەتە پـــیرۆزە بنیـــات نـــراوە لەســـەر بەرژەوەندییەكانی مرۆڤایەتی نەك لەسەر چەوساندنەوە.

**دووەم:** ڕوونكردنەوەی ئەوەی كە قورئان لە لایەن خوداوە دابەزیووە، چونكە جاری وا هەیـــە پێغەمبـــەر ﷺ پرســـیاری لێ دەكرێت سەبارەت بە شتێك ئەویش جاری وا هەیـــە ڕادەوەســـتێ لەوەڵامدانـــەوە، وەیـــان ڕووداوی حـــازری ســـەردەمی لێ نادیـار دەبێـت، لـە هـەردوو حاڵەتیـشدا قورئـــان دادەبـــەزێ بـــۆ ڕوونكردنـــەوەو ئاشكرا كردن.

**سێیەم:** ڕوونكردنەوەی ئەوەی كە خوای گەورە زۆر چاودێری پێغەمبەرەكـەی ﷺ دەكات لە بەرگری كردن لێی.

**چوارەم:** ڕوونكردنەوەی ئەوەی كە خوای گـەورە چـاودێری موسـڵمانان دەكـات لـە لادانی ناخۆشیەكانیان.

**پێنجەم:** تێگەیشتنی ئایەتەکە لەسەر ڕوویەکی ڕاستو دروست، لە ڕاستیدا ئەم سوودە لە هەموویان گرنگترو مەبەستتره، ئیمامی(الواحدي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: (ناتوانرێت تەفسیری ئایەت بکرێت بە بێ وەستان لەسەر چیرۆکەکەیو هۆی دابەزینەکەی).

پێشەوا (بن دقيق العيد ) یش(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: (هۆکاری دابەزین ڕێگایەکی بەهێزە بۆ تێگەیشتنی ماناکانی قورئان).

هەروەها پێشەوا(بن تيمية ) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: زانینی هۆکاری دابەزین یارمەتیدەرە لەسەر تێگەیشتنی ئایەتەکە، چونکە زانین بە هۆکار زانین بە ئەنجام دەبەخشێت، بۆ نمونە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا﴾ [البقرة: ١٥٨](٥).

جا ڕوواڵەتی ووتەی خودا(فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ) ئەوە دەگەیەنێ کە(سەعی) کردن لە نێوان(صفا)و(مروة) واجب نییە لەبەر ئەوە فەرموویەتی: (فَلَا جُنَاحَ) واتە: هیچ تاوانێکی لەسەر نییە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ هۆکاری دابەزین ئەوا مانایەکی دروستو جیاوازترمان بۆ دەردەکەوێت:

لە (صحيح البخاري)(٦) دا هاتووە لە(عاصم)ی کوڕی(سلمان) کە فەرموویەتی: پرسیارم کرد لە(انس)ی کوڕی(مالك) ( سەبارەت بە(صفا)و (مروة) ئەویش فەرمووی: ئێمە گومانمان وابوو کە لە کرداری نەفامێتین، جا کاتێك ئیسلام هات ئەنجاممان نەدا، هەر بۆیەش خوای گەورە فەرمووی:

﴿إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا﴾ [البقرة: ١٥٨].

---

(٥) خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە کە (صفا) و(مروة) لە نیشانە ئاشکراکانی ئایینەکەیەتی، جا هەر کەسێك هەستا بە حەج کردن یان عومرە کردن ئەوا هیچ تاوانێکی لەسەر نییە کە (سەعی) بکات لە نێوان (صفا) و(مروة)، چونکە ئەم کارەی لەبەر جێبەجێ کردنی حەج وعومرەکەیەتی، وەتاوانی لەسەر نییە لەوەی کە بێ باوەڕان لەوە پێش (سەعی) یان دەکرد لە نێوانیاندا لەبەر خاتری دوو بت کە هەبوون لەسەر (صفا) و(مروة).

(٦) (صحيح البخاري: ٤٢٢٦) .

جـا بـه زانینـی هۆكـاری دابـەزینی ئـەم ئایەتـە ئـەوەمان بـۆ دەردەكـەوێت كـە مەبەست بە نەفی كردنی گوناە مەبەست پێـی ڕوونكردنـەوەی ئەصـلی حـوكمی سەعی كردن نی‌یە، بەڵكو مەبەست لادانی خو بەدور خستن‌و گومانی موسڵمانانە بـە خـۆ دوور خـستنیانە لـەو سـەعیە كاتێـك وایـان دەزانـی كـە ئەمـە لـە كـرداری نەفامێتی‌یە، بەڵام ئەصڵی حوكمی سەعی كردن ئەوا ڕوون بۆتەوە بە ووتەی خـودا: ﴿مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ﴾ [البقرة: ١٥٨].

*** العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب**

ئەگـەر هـاتوو ئایـەتێك دابـەزی لەبـەر هۆكارێكی تایبەت، بەڵام لەفزو ووشەكانی ئایەتەكە بە شێوازێكی گشتی بوو، واتـە: هـەم ووشـەكان هۆكـارە تایبەتەكـەی دەگرتـەوە، وە هـەم شـتی دیكەیـشی دەگرتەوە ئەوا حـوكمی ئایەتەكـە گشتی دەبێـت، واتـە: ئـەو حوكمـەی لـە لـەفزو ووشـە گشتی‌یەكانـەوە وەردەگیرێـت لـە وێنـەو حـوكمی هۆكـارە تایبەتەكـە تـێ دەپـەڕێت بـۆ هاوشـێوەی ئـەو حوكمـە تایبەتـە، ئەمـەش مانـای یاسـای سـەرەوەیە: (العـبرة بعمـوم اللفـظ لا بخصوص السبب).

وە ئەمەش بۆچونی زۆرینـەی زانایانـە لـە شارەزایانی زانستی(أصـول الفقـه)، وە جگە لەوانیش.

لە ڕاستیدا ئەم بنەمایە زۆر بەسوودە، بە ڕەچـاو كردنـی بەنـدە خێرێكـی زۆرو زانستێكی فراوانی بەدەست دەكەوێت، وە بـە پـشت گـوێ خـستنی‌و ڕەچـاو نـەكردنی زانـستێكی زۆری لەدەسـت دەچـێت، وە دەكەوێتـە هەڵـەو تێكـەڵ بوونێكی زۆرەوە.

جا هەركاتێك ڕەچاوی ئەو یاسایەت كرد ئـەوا ئـەوە دەزانـی كـە ئـەوەی موفەسـیرەكان ووتوویانـە لـەبارەی هۆكارەكـانی دابەزینـەوە ئـەوا تـەنها بـۆ ڕوونكردنەوەیە نەك مەبەست ئـەوە بێـت كە مانای ئایەتەكان تایبەتە بەو هۆكـارە، جـا هـەر كاتێـك كـە دەڵێن: ئـەم ئایەتـە دابـەزیووە لـەبارەی ئـەو شـتەوە ئـەوا مەبەستیان ئەوەیە ئـەو هۆكارە یەكێكە لـەو حوكمانـەی كـە دەچـێتە نـاو ئایەتەكەوە، وە بەشێكە لە مەبەستەكانی ئایەتەكە، چـونكە قورئـان دابـەزیووە بـۆ

هیدایەت دانی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی لە هەر شوێنو کاتێك بن.

خوای گەورە فەرمانی پێمان کردووە کە تی بڕوانینو ووردبینەوە لە قورئان، جا ئەگەر ئێمە ووردبینەوە لە لەفزە گشتیەکانی قورئان، وە لەوە گەیشتین کە زۆر شت دەگرێتەوە ئەوا لەبەر چی هەندێك لەو مانایانە بهێنینە دەرێ لەگەڵ ئەوەی هاوشێوەی ئەو مانایانە چۆتە ناو ئایەتەکەوە؟

لەسەر ئەم بنەمایەش هەر کاتێك هەواڵێکت بەسەر تێ پەڕی لەبارەی ناوو کردارەکانی خوداوە، وە لەوەی کە شایستەیەتی لە تەواوی، وەلەوەی کە لێیەوە دورە لە کەم وکووڕی ئەوا تۆ هەموو مانایەکی تەواو وجوان دابنێ بۆ ئەو ناوو کردارەی کە خوا بۆ خۆی دایناوە، وە بە دووری بگرە لە هەموو شتێك کە پێی دەوترێت خراپەو نوقستانی کە خوا خۆی لێ بەدوور گرتووە.

هەروەها ئەگەر ئایەتێك هاتوو هەواڵی پێغەمبەرانو کتێبەکانیانو ڕۆژی دوایی دەدا وە هەواڵی هەمووشتێکی ڕابردوو داهاتوو دەدات ئەوا تۆ بێ گومان بە لەوەی کە ئەوە حەقو دروستە، بەڵکو لەوپەڕی جۆرەکانی ڕاستیو حەقە هەروەها ئەگەر قورئان ئەمری بە شتێك کرد ئەوا بڕوانە ماناکەی وە کێ دەچێتە ژێر ئەو ئەمرەوەو کێ ناچێت، ئەو کاتەیش دەزانیت کە ئەو فەرمانە ڕوو کراوە بۆ هەموو کۆمەڵانی ئوممەت، بەهەمان شێوەیش بۆ قەدەغە کردن، بە هەمان شێوەیش بۆ ڕوونکردنەوەی هەر حوکمێکی شەرعی.

هەر بۆیەیش زانینی حوکمو مانای ئەوەی کە خودا دایبەزاندووە بەسەر پێغەمبەرەکەی ﷺ بە بنەمای هەموو خێرو سەرفرازییەك دەژمێردرێت، وە نەزانی پێی بنەمای هەموو شەڕو خەسارەت مەندیە.

## * نمونەیەکی زۆر گرنگ بۆ ڕۆژگاری خۆمان:

لەپاش ئەوەی هەندێك لەو باسانەمان باس کرد کە پەیوەستە بە هۆکاری دابەزین ئەوا بە چاك زاندرا کە باسەکە کۆتایی پێ بێت بە نمونەیەکی زۆر گرنگ لە قورئانی پیرۆز هەم بۆ ئەوەی هەندێك

له بنەماكانی بابەتەكەمان لەخۆ دەگرێ، وە هەم ماناكەش زۆر گرنگە بۆ موسڵمانانی سەردەمی خۆمان، ئەوەیش ووتەی خودایە لە سورەتی: (الإسراء) كاتێك دەفەرمێت:

﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ﴾ [الإسراء: ٥٧][٧].

ئیمامی بوخاری لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا لە (ابن مسعود) ‌i ڕیوایەت دەكات كە فەرموویەتی: كەسانێك هەبوونە لە جنۆكەكان خەڵكانی دیكە دەیانپەرستن، لە ڕیوایەتێكی تردا فەرمووی: كەسانێك هەبوون لە مرۆڤ چەند جنۆكەیان دەپەرست، جا جنۆكەكان موسڵمان بوونو مرۆڤە هاوەڵ بڕیاردەرەكان بەردەوام بوون لەسەر پەرستنی ئەو جنۆكانە.

لە (ابن عباس) ‌i هاتووە كە فەرموویەتی: ئەوانەی كە دەپەرستران بریتی بوون لە(عیسی) و (دایكی) و (عوزێر) هەروەها لێوەی هاتووە كە فەرموویەتی: بریتین لە(عیسی) و (عوزێر) و (خۆرو مانگ)٠ وە موجاهیدیش فەرموویەتی: بریتین لە (عیسی)و (عوزێر)و فریشتەكان[٨].

پێشەوا (ابن تیمیە) لە پاش ئەوەی ووتەی زانایانی باس كرد لە تەفسیری ئایەتەكەدا فەرمووی: ئەم ووتانە هەمووی ڕاستن، چونكە ئایەتەكە هەموو كەسێك دەگرێتەوە كە پەرستراوەكەی خۆی لە خۆیدا خودای گەورە دەپەرستێت، جا چی لە فریشتەكان بێت وە یان لە جنۆكە وە یان لە مرۆڤ، پێشانیش لە تەفسیری ئایەتی قورئاندا ئایەتەكان ڕوون دەكەنەوە بەوەی هەندێك لە نمونەی ماناكەی باس دەكەن، هەروەكو چۆن وەرگێڕ بۆ زمانێكی دیكە كاتێك پرسیاری لێ دەكەن: مانای نان چییە؟ ئەویش لەوەڵامدا نانێكی پێ نیشان دەدات، جا ئەمە ئاماژەیە بۆ ڕەگەزو هاوشێوەی ئەو

---

(٧) واتە: ئەوانەی كە خەڵكی لێیان دەپاڕێنەوە لە پێغەمبەران و چاكەكاران و فریشتەكان ئەوان خۆیان پێشبڕكێ دەكەن بۆ نزیك بوونەوە لە خوای گەورە بە جۆرەها كرداری چاكە، وە ئومێدیان بە ڕەحمی خوایە وە لە سزای خوایش دەترسن٠

(٨) بڕوانە: (تفسير ابن كثير: ٥/ ٨٨-٨٩)٠

نانەیە، نەوەك مەبەستی ئەوە بێت كە خودی ئەوەی دەستی نانە.

جا زانایانی پێشینانیش مەبەستیان بەو نمونانە تایبەت بوونی مانای ئایەتەكە نیەیە بەیەكێك لەو ماناو نمونانە.

كەواتە ئایەتەكە گوفتارە لەگەڵ هەر كەسێك لەغەیری خودا دەپاڕێتەوە ئەو كەسەیش كە هاواری پێ دەكرێو دەپەسترێت خۆی بۆ خۆی لە خودا نزیك دەبێتەوە بە كرداری چاكەو ئومێدی بە ڕەحمەتی خودا هەیە.

وە لە سزای خودا دەترسێ جا هەر كەسێك بپاڕێتەوە لە مردوویەك وە یان لە نادیارو ئامادە نەبوویەك لە پیاو چاكان چی بە ووشەی فریاكەوتن یان بە غەیری ئەو ووشەیە ئەوا ئایەتەكە گرتوویەتییەوە، هەروەها چۆن كەسانێك دەگرێتەوە كە دەپاڕێنەوە لە فریشتەكانو جنۆكەكان.

خوای گەورەیش قەدەغەی كردووە لێ یان بپاڕێنەوە.......

**[والحمد لله رب العالمين]**

**سەرچاوەكان:**


١- تفسير ابن كثير.

٢- فتح المجيد شرح كتاب التوحيد.

٣- مناهل العرفان في علوم القرآن.

٤- القواعد الحسان فى تفسير القرآن.

٥- مباحث في علوم القرآن.

٦- أصول في التفسير.

٧- تسير الكريم الرحمان.